# نامەی دوکتور جەعفەر بۆ دایکانی شورشگێر کە بە ناوی عەزیز لە رادیۆی کۆمەڵە وە بڵاو بۆتەوە

دایکە خۆشەویستەکان!
دایکانی کرێکاران و زحمەتکێشان!
دایکانی هەموو شۆڕشگێران!
لە هەرکۆی هەن، گەش ترین و شۆڕشگێڕانەترین سڵاوتان پێشکەش! وەک کوڕی خۆتان، ئەم نامەیەتان بۆ دەنوسم، هیوادارم ئێوەش وەک دایکی دڵسۆز لێم وەرگرن.
دەزانم زۆرتان جەرگ سووتاون! زۆرتان داخ لە دڵن! زۆرتان غەمبارن! غەمێک بە قورسایی شاخەکانی ئارێز، ئاربەبا، شاهۆ و ناڵەشکێنە لە دڵتان نیشتوە. کێهە لە ئێوەیە کوڕتان شەهید نەبووبێ، یا خۆ لە زیندان لە ژێر شکەنجە و شەلاق و داغ دا نەبێ؟ دەزانم لە ماڵی یەکە یەکەتان دا جێگای ئەو ئازێزانەتانە دیارن. دەزانم لە سەر سفرەی نان کە کۆدەبنەوە، جێگای خاڵی ئەو ئازێزانە دیارە، لە ناخی دڵەوە هەناسە دەکێشن و غەم و نان پێکەوە دەخۆن.
ئاخر کێهە رۆژە کە مەترسی گیران و زیندانی کردن و شەهید بوونی ئەو کۆڕ و ئەو کچتان کە بۆتان مانەتەوە، خورپە نەخاتە دڵتانەوە؟ کێهە شەو و رۆژە کە تەقەی دەرگای ماڵەکەتان وە خۆتان نەخا: ئەها پاسدار و جاش هاتنە ماڵەوە، رۆڵە وریا بەن؟!!؟ ئاخر رۆڵە خوشەویستە! بە خوێنی جەگەر پەروەردە بووە! ٩ مانگە و ٩ رۆژەی لە سەر چێژراوە! شیرەی گیانی پی دراوە! گەزە گەزە و دارە دارەی پێکراوە! سەدان جار بە قوربان و سەدقەی بوون لە کۆشتان دا گەورە بوون. بە فەقیری و هەژاری و نەداری و مەینەت گەورتان کردون. شەو و شەونخوونیتان پێوە کێشاون، شار بە شار و دێ بە دێ، ئەو دکتور و ئەو دکتور، ئەو شیخ و ئەو پیر و ئەو مەرقەدانتان پێکردون، زۆر جار دەریایەکتان فرمێسک بۆ هەڵرژتوون. چی بڵێم؟ بۆ من دەتوانم کوێرەوەری و رەنج و مەینەتی ئێوە باس بکەم؟ حاشا! زمانم کورتە و قەڵەمم شکاوە!
رۆڵە رفێنی ئێوە کێ یە؟ کی یە جەرگتان دەسووتێنێ، رۆڵەتان لێ دەرفێنی، رۆڵەتان دەکوژێ رۆڵەتان داغ دەکا و لەشی رۆڵەتان لە ژووری

شکەنجە دا کون کون دەکا؟ دوێنی رژیمی شا، ئەمڕۆ جمهوری ئیسلامی، دوێنی "ساواک"، ئەمڕۆ "ساواما". دوێنی " نصیری"، ئەمڕۆ" لاجوردی". ڕۆڵە رفینتان فەرقی نەکردوە! تاجی داناوە ومیزەرو مەندیلی کردوەتە سەر.

ژمارەیەک پیاو کوژ و پووڵ پەرەست، ژمارەیەک ملهور و جەلاد، سەریان بە سەری یەکەوە ناوەو تەواوی سەروەت و سامانی ئەو وەڵاتەیان بە دەستەوە گرتوە و دەسرەنجی زۆرترین خەڵک- یانی رۆڵەکانی ئێوە - بە تالاَن دەبەن. هەرکەس بەمانە بەڵێ" پشتی چاوت برۆیە" جێگای وەتاغی شکەنجە و مەیدانی تیرە. بۆ ئەوەی بە کەیفی خۆی تالاَن بکات، تاریکە سالاَی پێک هێناوە، هەر کەس زمانی بەگەڕێ زمانی دەبڕێ. بەراستی:

" دەکوژن، دەبڕن، دەدەن لە گەردن
مێشک دەرخوارد دەدەن بە ماری نەوسن".

جمهوری ئیسلامی ئەم مارە نەوسنەیە، تەواوی ئەو دایکانەی کە دەیانەوێ رۆڵەیان لێ نەڕفێ، ئازیزیان لێ نەکوژرێ و فرمێسکی رۆڵە کوژراوی هەڵ نەڕێژن، دەبێ بۆ پان کردنەوەی سەری ئەم مارە یانی جمهوری ئیسلامی، قۆڵ هەڵ هەڵماڵن.

بەلاَم دەبێ وشیار بین! مارێکی دیکە نەێیت و مێشک داوا بکات و رۆڵە بڕفێنێ!

دەزانن دەبێ چ بکەین؟

دەبێ هەمووومان دایکان و باوکان، کوڕان و کچان، هەموو زەحمەتکێشان، هەموو جەرگ سووتاوان، هەمووومان دەسەلاَت بە دەستەوە بگرین. خۆمان دەوڵەت بین، هەموو چەکداربین، با دایکی هەموو شۆڕشگێران، دایکی هەموو زەحمەتکێشان و کریکاران، سەدان هەزار دایک، لە نێو یەغدانەکەیان دا چەکیان هەبێ، تا هەر ملهوڕێک هاتە بەر دەرگا و کوتی رۆڵەت دەگرم، سنگی بە گوللە دا بێژی و مێشکی بپژێنی.

دایکە خۆشەویستەکانم!

ئێمە بۆ ئەو نیزامە تێ دەکۆشین: بۆ نیزامێک کە ئازاد بژین و خۆش بەخت بین، شکەنجە و زیندان و دار وئێعدام نەمێنی و ئازادی و سەر بەستی جێگای بگرێتەوە.هەڵبەت بەوەش هەدا نادین، تێ دەکۆشین چوسانەوەی رۆڵەکانیشتان کۆتایی پێ بێت. تێ دەکۆشین بەشەرییەت نەجات بدەین. بەڵی ئێمە بۆ ئازادی و سوسیالیزم قولمان هەڵماڵیوە.
دایکە خۆشەویستەکانم!
ئێوەش قولّ هەڵماڵن!
لە بەرتان مرم!

پێشمەرگەی کۆمەڵە- عەزیز
٢٠ی رەشەمەی ١٣٦١